سودانی و ڕەشید گفتوگۆی دوایین پێشهاتەکانی ڕەوشی گشتی وڵاتیان کرد

ئەمڕۆ سێشەممە ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەممەد شیاع سودانی، و عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمار، گفتوگۆیان لەبارەی دوایین پێشهاتەکانی ڕەوشی گشتی وڵات کرد و جەختیانکردەوە لەسەر یەکخستنی هەڵوێستی هێزە نیشتمانییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی بەرنامەی کاری حکومەت و پلانەکانی کە ئامانجیان بەدیهێنانی گەشە و خۆشگوزەرانییە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە راگەیندراوێکدا بڵاویکردەوە " ئەمڕۆ سێشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەممەد شیاع سودانی،پێشوازی لە عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید، سەرۆک کۆمارکرد".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، "لە کۆبوونەوەکەدا باس لە دوایین پێشهاتەکانی بارودۆخی گشتی وڵات کرا و جەخت لەسەر یەکخستنی هەڵوێستی هێزە نیشتمانییەکان کرایەوە لە [illegible] پاڵپشتیکردنی

بەرنامەی حکومەت و پلانەکانی بۆ ئامانجی گەیشتن بە گەشەپێدان و خۆشگوزەرانی. هەروەها تاوتوێی لە پرس و مەلەفەکانی هەرێم کرا، هەروەها باس لە ڕۆڵ و هەوڵەکانی عێراق کرا لە چەسپاندنی بناغەکانی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا".

لە درێژەی راگەیەندراوەکەدا هاتووە، "لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامادەکارییەکانی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان و پێویستی دابینکردنی ئامرازەکان بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنیان بەتایبەتی لە ڕێگەی بەشدارییەکی فراوان و هەڵبژاردنی دەنگدەران بۆ نوێنەرانی خۆیان لە ئەنجومەنی نوێنەران، بە شێوەیەک کە خواستەکانیان بەدیبهێنێت و پێداویستییەکانیان بۆ گەشەپێدانی هەمەلایەنە بەدیبهێنێت".